# ژنانی زۆرلیێکراو و ئازادیخواز!

ئێوه كه به ڕەگ و پێستەوە ئازاری چزووی تەحقیر و ژێردەستەییتان چەشتوە و له زمانی کۆمەڵەوە پەیامی خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و نابەرابەریتان بیستوە، له ڕۆژی کۆمەڵەدا جارێکی تر ئیرادەی خەبات و تێکۆشانتان پتەو کەن.

خەباتی ئێوه له دژی یاساکانی حکوومەتی ئیسلامی و هەموو فەرهەنگی پیاوەمزنانه، له هەر جێیەك بێ، خەباتی کۆمەڵەیە. هەر هەنگاوێکی ئێوه بەرەو ئازادی و بەرابەری، هەنگاوێکه بۆ بەهێزکردنی سەرجەمی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران وبێبەشان.

سڵاو دەنێرین بۆ وشیاری و فیداکاری و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەتان.

**کۆمەڵە**

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران